مەسرور بارزانی داشکاندنی بۆ پارەی کارەبا راگەیاند



مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بڕیاریدا بەڵێنی داشکاندنی 20%ی بۆ پارەی کارەبا ئەگەڕ هاوڵاتیان لەڕێگەی ئیـپسوڵەوە پارەی بدەن و ڕاشیگەیاند، تاوەکو هاوینی ئەمساڵ تەواوی هەرێمی کوردستان دڵنیتە خاوەنی کارەبای 24 کاتژمێری.

مەسرور بارزانی لەو ڕوانگەیەوە ڕاگەیاندنی پڕۆژەی "ئی پسوولەی" (Psule-E)، ڕایگەیاند، لە ئەمڕۆوە تاوەکو 30 ڕۆژی داهاتو، هەر کەسێك لە ڕێگەی خزمەتگوزاریی ئیـپسوڵەوە پارەی کارەبا بدات، 20% داشکاندنی بۆ دەکرێت، تەواوی پڕۆژەی ڕوناکیش کە بڕیاربو کۆتایی 2026 تەواو بێت، لە هاوینی ئەمساڵدا کارەکانی کۆتایيدێت.

وتیشی، "پڕۆژەی ڕوناکی کە لەسەر بنەمای بێ بکارهێنان کاردەکات، توانراوە لە ماوەیەکی کەمدا کارەبای بردەوام بە زەرینەی ناوچەکان دابینبکات، بەهێی ساردیی زستان و زیادبونی بکارهێنان، تەچوی سەر هاوڵاتیان بەرزبوتەوە و هیچ بڕە پارەیەك یاخود گرانکاریی لە نرخدا نەکراوە".